# چۆنایەتی و ڕۆڵی چەپ لە چۆنایەتی یەکانی کۆمەڵگا لە کوردستان

ئاسۆ حامدی

چۆنایەتی مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و زۆرجاریش بەهای بەرزی دەوێ، لە زۆر حالەتدا چۆنایەتی پێوەرێکی دیاریکراوی نیەو زۆر ئاڵوگۆڕە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر. چۆنایەتی کۆمەڵگا پێویستی بە بەهای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری و پرۆسێسەکان و ژینگەیەکی پڕ چۆنایەتی هەیە. لەم سەدەیەدا دەبێ مرۆڤەکان هەرچی زیاتر لە چۆنایەتی باش بەهرەمەند بن.

چۆنایەتی لەگەڵ ڕژێمە کۆمەڵایەتیەکان و هۆیەکانی بەرهەم هێنان ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەر داهاتووە و دێ، ئەگەر بۆ ناخی سیستەمی ئابووری شۆڕ بینەوە ئەوا لە تەواوی دونیا چۆنایەتی بە بەهای کالاکانەوە بەندە، ئەگەرچی زۆرجاریش چۆنایەتی دەکرێ بە بەهای مام ناوەندی و تەنانەت کەمیش بەدەست بێت ئەگەر هۆشیارانە مەمەڵە لەگەل پێداویستەکان بکەیت. لە مەیدانی تەکنەلۆژیا و گەشەسەندنیدا هەروا چۆنایەتی و تەمەنی تەکنیکی کالاکان لە هەڵسان و دابەزین دان. کالاکانی خاوەن مێرک هەروا گرانن و چونکە توانای تەکنیکی و درێژخایانی تەمەنیان زیاترە لەوانەی کۆپین یان تەنها مێرکەکانیان هەڵگتروەە ئەمە تەنها بۆ کالاکان، چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا دووری جیاجیای هەیە و پرۆسەیەکی درێژخایانن.

چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا مەسەلەیەکی ئاڵۆزن و زۆر زیاتر لەمە هەڵدەگرن کە تەنها لێرە ناویان بهێنین و دوایش باس لە هەموویان بکەین بەتایبەت ئەوەی لە کوردستان هەیە.

ئامانجی ئەم باسە زیاتر بۆ ئەوەیە کە ئەوانەی داوای دەسەلات دەکەن یان دەسەلاتیان لە دەستوری خۆیان داناوە هەر یەک چۆنایەتی گرنگ نیە بەڵکو هەموو چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا گرنگن هەر بۆیەش کار کردن بۆ تەواوی کۆمەڵگا لەم دواییانە جێگای کاری یەکچینی گرتۆتەوە بەتایبەت لە بزوتنەوە سۆسیالیستەکان لە ئەوروپادا،

چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا بریتین لە:

1. چۆنایەتی ئابووری
2. چۆنایەتی کۆمەلایەتی
3. چۆنایەتی ژینگە
4. چۆنایەتی بەهاکانی دەوروبەر
5. چۆنایەتی پرۆسێسەکان

سۆسیالیستەکانی ئەوروپا زیاتر بیر لە هەموو چۆنایەتیەکان دەکەنەوە، ئەگەر بەراورد بە سۆسیالیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند یان ئەمریکای باشوور بکەیت کە تەنها چڕ لەسەر چۆنایەتی ئابووری و کۆمەلایەتی دەکەنەوە و چۆنایەتیەکانی تر لاوەکی دەبینن و هەر ڕووی بۆ وەرناگێرن. ئەمەش ڕەنگە زیاتر لە ئەنجامی سەقامگیری کۆمەڵگاو بە یاسایی بوونی کۆمەڵگاوە هاتووە لە لایەک لە لایەکی تر مێژووی بزوتنەوە سوسیالیستەکان لەم وولاتانە لە پێشترن و زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ سەرمایەدا کردووە و ئەم هۆیەیان لە ژیانی سیاسی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی گەشە بە یەکسانی ئینسانەکان لە پراکتیدا بدەن. لە وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەند و ئەمریکای باشوور و زۆر وولاتانی تر دونیا کە سەرمایە لەم ئاستەدا نیە سوسیالیستەکان و بزوتنەوەکانیان زۆر لە گرفتەکانی کۆمەڵگا بە گرفتی سەرەکی خۆیان نازانن و بەڵکو تەنها مەسەلە سیاسیەکان دەبینن و لە تیوریەوە سەیری واقعیات دەکەن و هەر ئەمەش دەیان کاتە گروپی پەراوێز و کۆمەڵگا لە گرفتەکانیان ناگەن و خۆشیان لە سەرووی کۆمەڵگاوە دەبینن.

بەرنامەی لانی کەم و دونیای باشتری هەرە کۆمۆنیستە ڕادیکالەکانیش لەم وولاتانە لەم لایەنەوە

لە وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەنگاوێکی تر زیاتر ناڕوا، هیچ کام لە بزوتنەوەی سوسیالیستی کوردستان داوای کاریگەری پرۆسیسەکان و نوێخوازی پرۆسێسەکانی لە کۆمەڵگادا نەکردووە. یان هیچ کاتێ ڕای دروستی خۆیان لەسەر چۆنایەتی دەوروبەر مەسەلەکانی گەڕەکەکان و شارەکان نەبووە و هەر بە پێ ویستیان نەزانیووە.
خۆ ژینگە هەر هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی بۆ نەبوو، لە کاتێکا کارەساتەکانی ژینگە لە کوردستان کەمتر نین لە کارەساتە مرۆڤیەکان. پیس بوونی خاکی هەلەبجە و شێخ وەسانان و بالیسان بە کیمیاوی چەندین ساڵ بەردەوامیان دەبێ و کاریگەری نێگەتیڤیان لە سەر نەوەکانی ئایندە کەمتر نیە لە قوربانیان. لەگەڵ ئەوەش کەس داوای چارەسەری زەوی و خاکی ئەم ناوچانەی نەکردووە نە لە چەپ و نە لە ڕاست بە خودی ڕێکخراوە تایبەتەکانیشەوە کە بۆ ئەم ئامانجە دروست بوون و بەرگری لە جینۆساید و قوربانیان بکەن. ئێستا زانستی ئەندازیاری لەم ئاستەدا زۆر لە پێشەو دەکرێ بە ئاسانی ئەم خاکە چارەسەر بکرێت.

بۆ ئێستا هێزە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی کوردستان دەتوانن لە هەموو کاتێک زیاتر هیز لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە لە ئەنجامی نەبوونی یان کەمی ڕوو وەرگێران بە لای چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا.
هێزێکی سیاسی دەتوانێ لە چوارچێوەی یاسای مەجودی کۆمەڵگا ڕۆڵێکی پۆزەتیف بۆ چاککردنی چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا بگێرێ.
چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا لە کوردستان لە بەرنامەی بێ بەرنامەیی هەناسە دەدات، چونکە بێ بەرنامەیش بەرنامەیە لە بنەمادا، دەسەڵات لە کوردستان ئەم ڕێو وشوێنە پیادە دەکات.
دەسەڵات لە کوردستان بە هۆشیاریەوە ئەم وەزعە بێ بەرنامەیە پیادەدەکات، تەنها بۆ مانەوەی خۆیان و وابەستەبوونی ئابووری کۆمەڵانی خەلک بە دەسەلات و لێپرساوان.
ئەم وەزعە وای کردووە کە بێ مبالاتی و بێ لێپرسراویەتی بەرامبەر کۆمەڵگا نیشان بدەن و هیچ قەزایەک و دادگایەکی دەوڵەت و کۆمەڵگا کەس ناباتە نێو پرسیار و وەڵام و هەر لێپرسراو بە میزانی هێزو توانای خۆی وولات بەڕێوەدەبات ئەگەر گرفتی لەگەڵ سەرەوەی خۆی نەبێ ئەوا ئەوەی خوارەوە مەسەلەیەک نیە لە ناو هەردوو حزبی دەسەلات دا.
ڕەنگە بۆ ئێستای کوردستان زەحمەت بێ کۆمەڵانی خەڵک کاریگەری تەواویان لەسەر چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا هەبێت بە سیستەم و ڕێکوپێکی، چونکە هەروا کۆمەڵگایەکی هەڕەشە لێکراوە لە هەموو لایەکانیدا و یاسا سەروەری تەواوی نیە. ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاش بەم ئاقارە نەگەیشتووە تا بتوانێ هێزێکی بەرینی کۆمەلایەتی بێت بۆ پیادەکردن و گەشەدان بە چۆنایەتیەکان بە یەک ئاست. تا ئیستا چەپ لە کوردستان هەمەلایەنە کار ناکات و کاریگەریان لە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دیاریکراوەو لە کۆمەڵە کەسانێ زیاتر تێ ناپەڕێ و کاریگەری کۆمەلایەتی بەهێزیان نیە و هەروا لە پەراوێزی ڕووداوەکان هەناسە دەدەن.

ڕەنگە گەشەدان بە چۆنایەتیەکان لە کوردستان برێ لە ئۆتۆپیا بچێ بەڵام بە هەمان ئیمکانات و بودجەی ساڵانەی حکومەتی کوردستان دەکرێ بنەمای ئابووری وولات کە خۆی لە بەرهەمهێنانی نەتەوەیی دەدۆزێتەوە بەهێز بکرێت و داهاتی نەتەوەیی بەبەرنامە بۆ هەمووی کۆمەڵگا تەرخان بکرێت و بەشێکی زۆری بۆ دیاریکردنی داهاتی تاکەکان و مەسەلە ستراتیژیەکانی وولات بەکاربێت. لە ئاڵوگۆڕە کۆمەلایەتیەکاندا دەبێ دەوڵەت بە یاسایی کاریگەری جدی هەبێ لە مەسەلەکانی یارمەتی و بیمەکانی بێکاری و تەندروستی و مەسەلەی خانە و لانە و پەروەروەردەو

فێرکردندا تا دەگاتە هەموو مەسەلەکانی کۆمەڵایەتی تر.
ژینگەیەکی پاک و تەندروست تەمەنی کاری و ژیانی مرۆڤەکان گەشە پێدەدات، کوردستان وڵاتێکی قوربانیە لە ڕووی ژینگەشەوە، ئەم هەلسانەوەیە تەواوی تواناکانی هاووڵاتیان و دەسەڵاتی دەوێ. ژینگە هەر بە دەسەڵات ناپارێزرێ و گەشەی پێ نادرێ، بەڵکو ئاستی هۆشیاری و ئیمکاناتی ئابووری مرۆڤەکان لە وولاتدا دەتوانێ تەکانێکی جدی بە ژینگەیەکی باش بدات. چۆنایەتیەکانی دەوروبەر تا ئیستا هاووڵاتیان لە کوردستان ئەم فرسەتەیان نیە و نەبووە تا چۆنیەتی دیاری کردنی ژیان و گوزەرانیان لە گەڕەکەکانی شار و گوندەکاندا دیاری بکەن. نەخشە کێشانی گەڕەکەکان و کارخانەکان (ئەگەر هەبن) هەر کەس بە میزاجی خۆی نەخشەی کێشاوە، شارەوانیەکان کۆمەڵێ یاسا و ڕێسایان بۆ گەڕەکەکانی شارەکان هەیە ( گەڕەکە هەژارنشینەکان لە زەینی ئەوان هەموویان تجاوزن!!) گوندەکانیش هەر یاسای عەشایری هەیە و هیچی تر( چونکە شارەوانی تایبەت بە خۆیان نیە ، (شارەوانی لێرە مانای کۆمۆن دەگەیەنێ ))، بەڵام یاساکانی چاککردن و دارشتنی چۆنایەتی دەوروبەر لە کوردستان هەموویان لە سەرووی خەڵکەوە دیاری کراون. ئیستا کاتی ئەوە هاتووە ئینسانەکان داوای چاککردنی بەها کانی دەوروبەریان بکەن و چۆنیەتی گەڕەکەکانی شوێنی ژیانیان دیاری بکەن یان کاری گەریان لەسەر پرۆسێسەکان هەبێت.
ئەمە خۆی لەخۆیدا دەخالەتی ئینسانەکانە لە پرۆسێسەکان و ئاڵوگۆڕپێدانیان. لەلایەکی تر
پرۆسێسەکانی بەڕێوەبردن لە کوردستان هەر هەموویان کۆنن و پێویستیان بە ئاڵوگۆری بنەڕەتی هەیە، باشترین نموونەی ئەم گەندەڵیە ئیداریەو ئەم هەموو بێکاریەی دەمامکدراویە کە جێگای سێ چوار ملیۆن دەبێتەوە!!.

هێزەکانی چەپ لە کوردستان دەبێ هێزە ئیعترازەکانی هەر لە چۆنایەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی چڕ نەکاتەوە بەڵکو دەبێ هەموو چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا بداتە بەر ڕەخنەی زانستی و هەمەلایەنەتر و درێژخایانتر سیاسەتەکانی دابرێژێ.
هەر لێرەشدا هیز پەیدا دەکات و لە ریزی تەواوی کۆمەڵگا خۆی دەدۆزێتەوە، هیچ مەسەلەیەک نیە ئەگەر لەگەڵ خەلکدا داوای چاککردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگا بکەیت و هیچ کەمایەتی نیە ئەگەر چەپەکان داوای باشتر کردنی چۆنایەتی دەرووبەر بکەن لە تەواوی گەڕەکەکانی شارەکان ، پێم وایە ئەمە خزمەتی زیاتر بە کرێکاران و هەژاران زیاتر دەکات لە هەڵگرتنی شعاری قەبە و لە پراکتیکدا هیچ هتد.
ئەم شێوەیە لە کارکردنی چەپ بە هیچی ناگەیەنێ و تەمەنی سیاسی ئەم واقعیەتەی نیشانداوە.دەبێ ڕوو لە کۆمەڵگا بکات و لەگەڵ تەواوی چاککردنی چۆنایەتیەکان بێت.

کارکردن بۆ گەشەدان بە چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا لە گەڵ تەواوی کۆمەڵانی خەلک دا دەتوانێ ژیانێکی باشتر و ئاسوودەتر بۆ هەمووان فەراهەم بکات. ڕەنگە هەندێ بڵێن ئەمە پۆپۆلیستیە و هیچی تر. ئەگەر پۆپۆلیزم بتوانێ ئەمرۆ لە کوردستان چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا گەشە پێبدات و پەرە بزوتنەوە کۆمەڵاتیەکان بدات بەڕای من سەد جار باشترە لە ئیرادەگەری و بەرزکردنەوەی شعارێ کە خۆشیان نازانن لە پراکتیکدا چ شکل و شێوەیەکی هەیە و هیچ لێکۆلینەوەیەکی ڕیسک (مجازەفەی) بۆ نەکراوەو هەر لە ڕستەی نایاب دەچن ..!!.
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چۆنایەتی مەسەلەیەکی ئالۆزەو پێوەرێکی تایبەتی نیە و بە گوێرەی کۆمەڵگاکان دەگوڕێن.

لەلایەکی تریش چۆنایەتی فەرهەنگ لە کوردستان هەر لە میدیا کان و ڕۆژنامە و ڕۆمان وهونەر هەرلە گۆرانی ومۆسیقا تادەگاتە هونەری وێنەکێشان و نواندن و هەموو مەیدانەکانی تر،ڕەنگدانەوەی چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگان و ئاستی چۆنایەتیان لە هەموو بارێکەوە نزمە و تائیستا ناتوانێ سنووری داخراوی خۆی ببڕێ و هەر فرمێسکێکە و لە چاویکی خێل دا قەتیس ماوە.

ئایا بە پێوەری مرۆڤایەتی مۆدێرن چۆنایەتی کۆمەڵگای کوردستان دەبێ هەر لەم ئاستەی دابێت و ڕوو لە کوێ دەکات، هەروا کۆمەلانی خەڵک و چەپ بێ کاریگەر دەبن لە ئاست گشت چۆنایەتیەکان و چۆنایەتیەکانی ژینگە و بەهاکانی دەورووبەر و پرۆسێسەکانی بەڕێوەبردن لە وولاتدا و گەرداوی گەندەڵی، هەروا فەرهەنگ لە ئاستەکانی بێ داهێنان دەمێنێتەوە، یان کات شتێکی ترمان نیشاندەدات.

دیسەمبەری 2007